# سیاسیەكانی كورد وقەیرانی ئاخافتن بە زمانی كوردی

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

چەند ڕۆژێك لەمەو بەر عادل باخەوان لە بلاگی ڕوانیندا(1) پرسی زمانی كوردی و قسە پێنەكردنی لەلایەن سیاسیەكان بە كورتی وروژاندووە. لەبەر گرنگی پرسەكە و تێپەڕبوونی ڕووداوەكان بە سادەیی، بە گرنگم زانی لە دوتوێی ئەو بابەتەدا دوپاتی گرنگی ئەو پرسە بكەمەوە و هەندێ قسەی لەسەر بكەم.
دەمەوێ هەمان ئەو پرسیارە بوروژێنمەوە كە عادل باخەوان لە كورتە نوسینەكەیدا وروژاندویەتی و دەڵێ: "بۆ قسەكردن لەسەر تایبەتمەندیەتی كورد، سیاسیەكان و بەشێكی زۆریش لە ڕۆشنبیران، ئەوەندەی باس لە كەركوك و فیدرالیەت دەكەن نیو ئەوندە باس لەزمانی كوردی ناكەن؟"
بۆ ئێمە داوای فیدراڵی یا تایبەتمەندی خۆمان دەكەین؟؟ لەبەر ئەوەی ئێمە لەوان نازدار ترین، یا لەوان گرنگ ترین؟ هەرگیز نەخێر و هیچ كوردێكیش بۆی نیە وا بیر بكاتەوە. یا لەبەر ئەوەی ئێمە ڕووبەڕووی پاكتاوی ڕەگەزی بوینەتەوە و دەبێ تایبەتمەندی خۆمان بپارێزین؟ پێم وایە لەبەر ئەو هۆیەش نیە، قات و قڕ لە تایبەتیەكانی ئێمە زیاد و كەم ناكا، بێی ئەوەش لە زووەوە و هەنوكەش و تا هەتایەش ئێمە نەتەوەیەكی جیاوازین و ئەوانیش لە ئێمە جیاوازن.
دیارترین و گرنگترین جیاوازی شوناسە. گرنگترین ڕەگەزی شوناسیش زمانە. كەواتە ئەگەر بەو مانایە بێ ئەوا بێی فیدراڵیەت و بێی كەركوك و بێ ئەوەش سەرۆك كۆمار لە ئێمە بێ یا 25% داهاتی عیراق بۆ كورد بێ ئەوا ئێمە هەر كوردین و تۆزقاڵێكیش لە شوناسی ئێمە كەم ناكاتەوە.
ئەی ئەگەر بڕیار بێ زمان زیندوترین ڕەگەزی پێكهاتەی نەتەوە و شوناسی نەتەوەیەك بێ، بۆ سیاسیەكانمان كە گەیشتنە بەغدا دەڵێی لە ژیانیان كورد نەبوون، بە زمانی فەسیحی ئەوان دەئاخڤن؟؟ ئەگەر لە گرنگترین مینبەری ئەو وڵاتە كە پەرلەمانە جیاوازی خۆیان نەسەلمێنن بڕیارە كەی بیسەلمێنن؟ ئەوێ ئەو شوێنەیە كە دەبێ بوونی دوو نەتەوە پراكتیزە بكرێ. ئەو شوێنەیە كە پێیان بڵێین ئێمە ئێوە نین، بۆیەش داوای تایبەتمەندی دەكەین. ئەوێ ئەو شوێنەیە دەبێ بیسەلمێنن كە ئەوان لە ئەوانی دی ناگەن چونكە وەك یەك نین، بویەش داوای تایبەتمەندی دەكەن.
چی دەبێ ئەگەر سەرجەم پەرلەمانتارەكانی كورد لە پەرلەمانی هاوبەشی یەكگرتوو بە زمانی خۆیان، كە زمانێكی بە فەرمی ناسراوە بدوێن؟ چی دەبوو ئەگەر بەڕێز فوئاد مەعسوم لە ڕۆژی 17ی سێ، حەڤدەمین ساڵوەگەڕی شەهیدكردنی هەڵەبجە لە جیاتی تەنها دوو ڕستە بە كوردی بدوێ ئەو دوو ڕستەیە بە عەرەبی بدوابایە و ماوەكەشی بە زمانی كوردی؟ ئەوكاتە دەیسەلماند كە عەرەب و كورد لە یەك ناگەن چونكە وەك یەك نین دوو شتی جیاوازن.
چی دەبێ ئەگەر وەزیرە بەڕێزەكانمان لە هەموو مینبەرە ناوخۆیی و دەرەكیەكان بە زمانی خۆیان بدوێن ئەگەر بڕیارە كوردی شانبەشانی عەرەبی زمانی فەرمی ئەو وڵاتە بێ. كە كوردێك لە بەغدا بە زمانی ئەوانی دی دەدوێ، دەیسەلمێنێ كە جیاواز نیە لەوان، جیاوازیش خەوش و كەمی نیە.
نەهاتنە گۆی ئەو بەڕێزانە لە دوو حاڵەت تێپەڕ ناكا، یا ئەوەتا شەرمیان بە زمانەكەیانە و دەیانەوێ وای پیشان بدەن كە لە ئاستی ئەوان دان و هیچیان لەوان كەمتر نیە و جوان بە عەرەبی قسەدەكەن، واتە هاتنە گۆ بە زمانی ئەوان پڕكردنەوەی ئەو كەم و كوڕیەیە كە بەداخەوە زۆرێك لە خەڵكی كورد پێیەوە دەناڵێنێ، پێیان دەڵێ: مەترسن ئێمە هەر نمرە دووین. ئەوەش ئاڵۆزی شوناسە.
یا ئەوەتا هەست بە ترسناكی پرسەكە ناكەن و لە ئاستی بەرپرسیارەتی ئەو نێونەرایەتیەشدا نین كە خەڵكی كورد متمانەی پێداون. سیاسی سەركەوت و بە هەڵوێستەكانی پەیام بۆ هەموان دەنێرێ.

زۆرجار قسه له مۆدێلی بەلجیکا دەکرێ. هەموو خەڵک له کوردستان سەتەلایەتی هەیە، به تایبەتیش سیاسیەکان، له کاتی کۆبوونەوەی پەرلەمانی بەلجیکادا با تەماشای سەتەلایەت بکەن چۆن هەر کەسەو به زمانی خۆی دەئاخڤێ. وەزیرەکان به موناسەبە و بێ موناسەبە به زمانەکانی تر قسە ناکەن، سەرۆک وەزیران به زمانی فلامی دەئاخڤێ، لەوێوە جیاوازی خۆی ڕادەگەیەنێ، وەرگێڕیش دەبێ بیگۆڕێ بۆ فەڕەنسی. تەنها له برۆکسل و لەو شوێنانەش که تێکهەڵن به دوو زمان یا سێ زمان دەنوسرێ، بەڵام لەو شوێنانەی که هەر یەک نەتەوەی لێیە زۆربەی جاران هەر به زمانی دانیشتوانی ناوچەکە شت دەنوسرێ. سیاسیەکانی ئێمە بۆ خۆیان پراکتیزەی بیری فیدراڵیەت ناکەن. سەرۆک کۆمار ئەگەر کورد بوو دەبێ بزانێ ئەو کاتە گەورەو به هەیبەت و مەزن دەبێ که به زمانی شیرینی کوردی له هەموو مینبەرە عیراقی و نا عیراقیەکان دەدوێ و چاوی نەتەوەکەیشی گەشاوە دەکات و دڵیان ئاسوودە دەکات، بۆ گەورە و بچوک و دۆست و ناحەزیشی دەسەلمێنێ که عیراق عەرەبی نیە و گەلێکی سەرەکی تریشی تێدایە خاوەنی کەلتور و زمانی خۆیەتی.

زۆر جار گوتوومە و دەیشیڵێمەوە ئەگەر کاتی خۆی بەڕێز ئۆجەلان له جیاتی هەموو شتێک له دادگا داوای وەرگێڕی کوردی بکردایە و لەسەر ئەوە سوور بوایە که هەر به زمانی خۆی قسەی دەکات، گەورەترین گورزی له ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا دەوەشاند، ئەوکاتە بێ ماندووبوون و به کردەوە دەیسەلماند: ئەو بۆیە شەڕی کردووە چونکە لەوان جیاوازە و داوای تایبەتمەندیەکانی خۆیان دەکات. که بەڕێز لەیلا زاناش له پەرلەمانی ئەوروپا هاتە گۆ و بۆ یەکەم جار لەو پەرلەمانە به کوردی قسە کرا، ئەو پرسەی به ئاشکرایی سەلماند و لەبەر چاوی هەموانیش گەورەتر بوو، تا ئەو ئاستەی سەرۆکی مۆدێرنترین پەرلەمانی دونیای وا لێکرد به زمانی کوردی سوپاسی بکات.

ئەو داوایە ڕوو له سیاسی و ڕۆشنبیرە کوردەکانیشە که له کوردستانەوە له کەناڵە تەلەفزیۆنیە عەرەبیەکان داوایان لێدەکرێ قسە لەسەر بابەتێکی تایبەت بکەن پێویستە داوای وەرگێڕ بکەن، بەزمانێکی تر نەئاخڤن. ئەگەرنا با به جیددی واز له جیاوازی ئێمەو ئەوان بێنین و لەگەڵ ئەوان دەبینەوە یەک ماڵەو لەسەر بنەماکانی هاوڵاتی بوون یەکسان دەبین و چۆن لەسەر سنووری بەسرا دەنوسرێ "مرحبا بكم فی العراق" با ئاواش له ئیبراهیم خەلیل بنوسین "مرحبا بكم فی العراق" چیدی ئەوان و خۆشمان ماندوو نەکەین. ئەگینا چیدی زمانەکەمان ئیهانە مەکەن و شوناسیشمان مەشێوێنن.

(1) http://rwanin.blogspot.com/

* ئەم بابەتە له ژمارەی (184) میدیا بڵاوبۆتەوە.